عێراق و سورییە: بۆ دژایەتی داعش بەرەی نوێ مەکەنەوە

هاوپەیمانی واقیعی دژی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە. دیکتاتۆرەکەی سورییە یەک لەوان نییە. دەبێ لەتەک قەتەر، عەرەبستانی سعودی، تورکییە و کورد هاوکاری بکرێ.

"میخائیل تووماں"، هەواڵنێری سیاسەتی دەرەوەی گۆڤاری دی تسایت (Die Zeit) 29.8.2014

لە ئاڵمانییەوە بۆ کوردی: رەحیم بەهرامزادە

بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی دەسەڵاتی داعش، لە خۆرهەڵاتی ناوین ناکرێ خۆ لە دوو پرسیار ببوێری: یەکەم لەگەڵ کێ هاوکاری بکەی؟ دووهەم دەبێ رۆژاوا، بە تایبەت ئاڵمان، یارمەتی کێ بکا، ئەو یارمەتییە چەکێش دەگرێتەوە. ڕۆژی دوو شەممە بوندستاگ (پارلمانی ئاڵمان) کۆ دەبێتەوە. بابەتی کۆبوونەوە، پرسی هاوپەیمانیەتی گونجاو و چەک بۆ کێ ناردن دەبێ. هەر ئەوڕۆ دەکارین ببێژێن هاوپەیمان هەس و شیاوی ئەوەش هەن چەکیان بۆ بنێرین.

ئێستا پرسیار ئەوەیە دەبێ وڵاتانی رۆژئاوا لە دژی داعش خۆ بەکێدا هەڵواسن. سیاسەتوانی پارتی دێموکرات مەسیحی [ئارمین لاشێت] پێی وایە دەکری لەگەڵ بەشار ئەسەد دژی داعش هاوکاری بکرێ. ئەوە نیشانەی حافزەی زەعیف و زانیاری کەمی سیاسەتوانان لەمەڕ ناوچەکەیە.
لێرەدا تەنیا ئەوەندە دەڵێم: دیکتاتۆری سوریە خولقێنەر و پاڵپشتی چالاکی داعشە. دوای بەرپابوونی شۆڕشی نەتەوەیی دژی رژێمەکەی لە ساڵی 2011 بەم لاوە جیهادییەکی زۆری لە بەندیخانەکانی ئازاد کرد. ئەو چاوەدێری سازبوونی سپایەکی جیهادی بوو و بەمەش گەرەکی بوو ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی لە دوو بەرەدا بهاڕێت. ئەو نەوتی لێدەکڕین و بە رواڵەت لە خۆرهەڵاتی سورییە شوێنەکانی بۆمباران دەکردن و لە خۆراواش لە ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی بەردان. ئەسەد نە هاوپەیمان، بەڵکوو جینایەتکارە.

بەڵام هاوپەیمانی ئیحتیمالی کێن؟ لە سورییە پاش سێ ساڵان شەڕ هەمان ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی هاوپەیمان، کە لاواز کراوە، هاڕراوە و بایەخی پێنەدراوە تەنیا هاوپەیمانە. سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەم دواییانەدا بە دوکتور و دەرمانفرۆشی ناوزەد کرد. ئەوەش بۆ پاساوکردنی سیاسەتی ناچالاکانەی خۆی لە هەمبەر ئەوان. واتە ئەوان شیاوی پشتیوانی سیاسی نەبوون. ئێستا هەموو کەس دەزانێ ئەوە تەنیا بیانووە و هێچ نەکردن کاریگەرییەکی خراپی لەسەر هاوسەنگی هێزەکان لە وڵاتەکە بووە.

ئێستاش ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی دەسەڵاتی بەسەر دەفتەرکەیان لە ئەستەمووڵ و باکوری خۆراوای سورییە، لە ناوچەی ئیدلیب، هەیە. عەرەبستانی سعودی و دۆستانی سورییە هاریکاری وان دەکەن. مەبەست لە دۆستانی سوریا وڵاتانی عەرەب و و وڵاتانی خۆراواین، کە ئاڵمانیش یەک لەوانە. ئاکامی ئەو هاوکارییە نابەدڵییانە کارەسات بووە. ئۆپۆزیسیۆنی سوریا شیاوی هاوکاری فرەتر لەوەیە کە ئۆباما دەیکا.

لە رۆژهەڵات کوردەکان دژێ داعش دەجەنگن. لەلایەک یەکەکانی پاراستنی گەل، پ ی د (PYD) کە پێوەندی نزیکیان لەگەڵ پ ک ک هەیە، لە لایەکی دی سپای پێشمەرگەی کوردستانی ئوتونۆم. کوردستان بە هەوڵێری پێتەختییەوە خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەیەتی، جگە لە راگەیاندنی وڵاتی سەربەخۆ و دانپێدانانی نێونەتەوەیی. تا ئێستا رۆژئاوا هەر خۆی بە بیرۆکەی عێراقی یەکگرتوودا هەڵواسیوە، بەڵام ئەو سیاسەتە دوای دە ساڵ لێکترازانی بەردەوام چەندە واقیعبینانەیە؟

کوردستان لە ماوەیکی نە دووردا دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆی بە رەسمی ناسراو، ئەو وڵاتەی کە ئێستا رۆژاوا، تورکیا و ئێران خۆی لێ نزیک دەکەنەوە. ئەو وڵاتە لە بیابانی مردن و کوشتنی کە لە دیمیشقەوە تا بەغدا دەگرێتەوە تاقە شوێنی هێمنە بۆ ئاوارەکان و باژێڕوانانی خۆی. ئەمەی دواییشیان ئیستیسنایەکە لە ناوچەکەدا. کوردستان شیاوی پشتیوانییە، ئەو پشتیوانییە، چەکە و ئەگەر پێویستیش بوو پێرسۆنالی سپاییشی دەبێ لەگەڵ بێ.

کێشە یەکەکانی کوردی پاراستنی گەلن. ئەویش لەبەر نزیکییان لەگەڵ پ ک ک، کە بووەتە هۆی پێوەندییەکی گرژ لەگەڵ تورکیا. پ ک ک لە یەکییەتی ئوروپاش وەک گروپی تێرۆر چاوی لێدەکرێ. لێرەشدا دەبی پێداچوونەوە هەبێ. تەنانەت لە تورکیا بیرکردنەوەیکی نوێ دەستی پێکردووە. بەڵام ناردنی خێرای چەک بۆ هێزەکانی پاراستن ئاسان نییە.

گرنگترین شت ئەوەیە. لە بەربەرەکانێی دژی داعشدا بەرەی نوێ نەکرێتەوە. وڵاتانی کەنداو هەڵەی زۆریان کرد؛ بەڵام یەک کاریان نەکرد: یارمەتی ماڵی داعش. ئەندامانی کابینەی ئاڵمان دەبێژن قەتەر داعشی پرچەک کردووە. ئەوە نە راستە. داعش لە ژێر سێبەری دوژمنی قەتەر واتە ئەسەددا پەروەردە بوو و ئێستا بەئاسانی لەباری ماڵییەوە خۆی دابین دەکا. تاوانی بێ بەڵگە هاویشتن فەزای نێوان دۆستانی سورییە ژاراوی دەکا.
هەموو لایەنێک پێویستن. با قەتەر و سعودی دێموکراتیش نەبن، سەرۆک کۆماری تورکیاش زۆر لەبەر دڵان نەبێ. بەڵام هێزە. ئەگەر رۆژاواییەکان گەرەکییانە لە دژی داعش دەستکەوتیان هەبێ، دەبێ لەگەڵ هێزە ناوچەییەکان هاوکاری بکەن. چوونکی کەس نایەوێ ماجراجوویەکی وەک ئەوەی ساڵی 2003 دووپات بکاتەوە.